www.kurdistannet.org
9-4-2003 1:19

# پرۆسەی توندوتیژی لە نێوان قوربانی و جەلاددا

عومەر کەریم بەرزنجی

-١-

پرۆسەی توندوتیژی مێژوویەکی دێرینی هەیە، هەرلە سەرەتای دیرۆکی مرۆڤایەتیەوە سەری هەڵداوە دەشێ یەکەمین کردەی توندوو تیژی بەکوشتنی (هابیل) دەست پێبکات لەلایەن قابیلی براوە، رەنگە زۆربەمان ئەو بۆچونەمان لادروست بووبێت کە ئەگەر قابیل دەستی بەخوێنی براکەی سور نەبوایەو نەیکوشتایە، ماکی توندڕەوی و شەڕو کوشتار نەدەبووە میرات و پانتاییەکی بەرفراوانی لە مێژووی مرۆڤایەتی داگیر نەدەکرد، ناکرێ ئەم بۆچونە بەتەواوی بەدروست بزانین چونکە بیریارێکی وەك (هۆبز) پێی وایە مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی سروشتی ئاژەڵێکی دڕندەیەو پاڵنەری سەرەکی بریتییە لە جەنگ و تالانی و تێکشکاندنی هەرشتێك کەلەسەر ڕێگاکەیدا دەوەستێت، بۆ بەدی هێنانی ئارەزووەکانی توندوتیژی یاخود سەرهەڵدانی پرۆسەی توندوتیژی پەیوەندییەکی ڕیشەیی بەو ژینگەو دەوروبەرەوە هەیە کەکەسی توندڕەوی تێدا دەژی هۆکارە (کۆمەلایەتی، سیاسی، ئابوری) یەکانیش ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان هەیە لەسەرهەڵدانی توندو تیژی و توند ڕەوی، ڕۆسۆ گوتەنی (توندوتیژی توندوتیژی بەرهەم دێنێت) هەموو کارێك کاردانەوەی هەیە تۆ دێیت و سنوری ئازادیەکانم بەرتەسك دەکەیتەوە و دەتەوێت جموجوڵەکانی ژیانم بەویستی خۆت ئاڕاستە بکەیت دەبێت چاوەڕوانی سەرهەڵدانی کاری توندوتیژ بکەیت لەلایەن منی قوربانیەوە، کاتێك تۆ دەبیتە جەلادو منیش بە قوربانی تۆ دێیت و لەبەرانبەر مندا مومارەسەی توندوتیژی دەکەیت ئیدی لەلایەن منی قوربانیەوە هەوڵی ڕووبەڕووبونەوەو بەرەنگاری سەرهەڵدەدات، نەك ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ جەلاد، دەڵێن لە زوودا جەلادێك مەنجەڵێك ئاو گەرم دەکات و دەیەوێت قوربانییەك فڕێ بداتە ناوی کابرای قوربانی لەتاو گیانی خۆی پەلاماری جەلادەکە دەداو قەپێك لە دەستی دەگرێت، جەلاد دەیکاتە هاتوهاوار و دەڵێ (سەیر کەن ئەمە چەند دڕندەیە خەریك بوو بم خوات) کابرای جەلاد هەست بەدڕندەیی خۆی ناکات لەکاتێکدا پرۆسەی سڕینەوەی ئەوی دی ئەنجام دەدات، کەسێتی جەلاد کەسێتییەکی سادییەو چێژو لەزەت لە ئازاردان و کوشتنی بەرامبەرەکەیدا دەبینێ هەندێك جار جەلاد بەکوشتنی بەرامبەرەکەی ڕاناوەستێ، بەڵکو جەستەی قوربانیەکەش دەشێوێنێت، لەناخی کەسی توندڕەودا مەرگ دۆستی بەجۆرێك ئامادەیی هەیە، ژیان دۆستی لەناخی کەسی توندڕەودا دەکوژێت و هەستی جوانی و ژیان دۆستی لەناخیدا کاڵدەکاتەوە و نای هێڵێت، کەسێکی وەك (تەیموری لەنگ) بەجۆرێك عەشق و شەیدای خوێن ڕێژی و کوشتارگەکان دەبێت دەڵێ (من سەرم لەو مەینۆشانە سوڕ دەمێنێت بەخواردنەوەی جامێ مەی خۆیان مەست دەکەن! بۆچی دەست نادەنە شمشێرو بێنە مەیدانی شەڕی نەبەردەوەو خوێن بڕێژن تاتێبگەن کەسەرخۆشی شەڕ سەد جار لە سەرخۆشی مەی خۆشترو بەچێژترە! مەی دوای چەند ساتێك مرۆڤ خومارو بێتواناو سست دەکات بەڵام سەرمەستی گۆڕەپانی نەبەردو خوێن ڕشتن، هەرگیز بێ وزەو تەمەڵ نابێت بەڵکو زۆر بەتواناتر دەبێت!) شەڕەنگێزی ئەم پیاوە بەجۆرێك بوو ڕووی بکردایەتە هەرئاوەدانییەك و ملکەچ و گوێڕایەڵی نەبونایە و بەرەنگاری ببونایەتەوە فەرمانی داگیرکردن و کۆکوژی خەڵکی ئەو مەملەکەتەی دەدا.

-٢-

دەمارگیری گەرای توندڕەوی لەناخی مرۆڤەکاندا دادەنێت و پاڵنەرێکی بەهێزە لەسەر هەڵدانیدا، کەسی دەمارگیر وێناکردنی بۆ دنیاو دەرەوەی خۆی، وێناکردنی دنیایەکی پڕلە ناشیرینی و دزێوییە ئەو لەدەرەوەی خۆی پەیبە جوانییەکان نابات، کەسێکی خود شەیدایەو درك بەزۆر حەقیقەت ناکات، (ئەریك فرۆم) دەڵێ (دەبێت دەمارگیر بەکەسێك وەسف بکەین کە زۆر شەیدای خۆیەتی و هەستی بەپێکەوە بەستران و ئیلتزام ناکات لەگەڵ جیهانی دەرەوەیدا) دەشێ دنیابینی ئەو بەڕوانینێکی کرمیانە ڕاڤە بکەین واتا چۆن کرم بەتەنها بەردەمی خۆی دەبینێ ئەویش بەهەمان شێوە.

(ستانلی) پێی وایە (تەعەسوب میراتێکە لە نەزانینەوە "الجهاله" چنگمان دەکەوێت) جەهالەت فاکتەرێکی هەرەدیاری توندڕەوییە تێك شکاندنی جەهالەت تێکشکاندنی توندڕەوییە، توندڕەوی هەرچیەك بێت گەمەکردنە بەئاگر، گەمە کردنە

به ژیان، گەمە کردنیش بە ئاگر گەمە کردنێکی خەتەرناکە نزیك بونەوەیە لە کەنارەکانی تیاچون و هەڵدێران، کەمنین ئەو هێزانەی لەناخیاندا رۆحیەتی جەنگەڵ ئامادەگی هەیە رۆحیەتێکی خود شەیدا کە مەیلی سڕینەوەی ئەوی دی ئەوی جیاواز لەخۆی هەیە.

-٣-

(بەختیار عەلی) لە شیعری (وەسێتی دیکتاتۆرێك بۆ منداڵان) دەڵێ

زوو گەورەبن، زووبچنە سەر مینبەرەکان، زوو فەتوای کوشتنی ئەم سەردەمانە دەرکەن

بەهار بەسەوزی، باڵندەکان بەگڕەوە، خوداکان بەنورەوە بخۆن

تەورەکان بەخوێنەوە، زمانەکان بەقولاپەوە، لێوەکان بەتاعونەوە ماچبکەن.

خەونی دیکتاتۆر خەونی دنیایەکە لێوان لێو لە ملکەچی و گوێڕایەڵی دیکتاتۆر پاڵەوانی توندڕەوییە بەچاوە سورەکانیەوە دەڕوانێتە قوربانیەکان و سادییانە بەو گەمەیە پێدەکەنێت، مانەوەی دنیا لەمانەوەی خۆیدا دەبینێت، پێی وایە لەدوای خۆی مانەوەی دنیا گرنگیەکی ئەوتۆی نیە هەربۆیە گومان لە هەرچ کەسێك بکات مەحکوم بەمەرگی دەکات، گەورەبوونی منداڵەکانی بۆ ئەوەیە تا سەنگەرەکانی بۆ پڕبکەنەوە.

سلێمانی

٢٠٠٣/٤/٧

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣